کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئەکابێری لەسەر باشترین گۆڵکاری ئەمساڵی جیهان دەکات

ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ کە بە یانەی نەسری سعودی یاری دەکات، دەیەوێت ئەمساڵ لە ڕیزبەندی یەکەمی لیستی گۆڵکارەکانی جیهاندا بێت، ڕۆناڵدۆ لەم ساڵدا تا ئێستا لە چەندین پێشبڕکێ و خول 51 گۆڵی تۆمارکردووە، لەوانە 31 گۆڵ لە خولی ڕۆشنی سعودی.

ڕۆناڵدۆ لە ئێستادا لە پلەی سێیەمی لیستی باشترین گۆڵکارەکانی ساڵی 2023 دایە، بەڵام دەرفەتی ئەوەی هەیە هەرشبەرەکانی دیکە تێبپەڕێت و لەگەڵ هاری کەین و کیلیان مباپە کەبەکە دەکات کە بە 52 گۆڵ لە ڕیزبەندی یەکەمن لە لیستی گۆڵکارانی جیهان.

لە کاتێکدا کە هاری کەین و مباپە ناتوانن گۆڵکانیان لە ساڵی 2023 زیاد بکەن بەهۆی تەواوبوونی یاری یان کانیان لەمساڵدا، بەڵام ڕۆناڵدۆ ئەمساڵ دوو یاری ماوە و پێویستی بە دوو گۆڵ هەیە بە ئەوەی لە ڕەکابەرەکانی زیاتر بێت و ببێتە باشترین گۆڵکەری ساڵ.

لەلایەکی دیکەوە، ئێرلینگ هالاند، یاریزان و هەرشبەری یانەی مانچستەر سیتی بە 50 گۆڵ لە ڕیزبەندی گۆڵکارانی جیهان لەم ساڵدا دێت.